ئاسۆ
ژمارە (١٣١) پێنجشەممە ٢٥/ ٨/ ٢٠٠٥
Aso No. (١٣١) Thu. ٢٥/٨/٢٠٠٥

شێرکۆ تاڵیب

# هونەرمەندێکی پڕ لە عەشق

یەکێك لەو سیمایانەی کەدەکرێت لەمرۆڤدا باسوخواسی لەسەربکەین تواناو ئەو کاریگەرییەیە کەهونەرمەندانی گۆرانیبێژ توانیوویانە لەسەر دنیای گوێگرانی بەرهەمەکانیان بەجێبهێڵن، لەمرۆڤدا هونەرمەندەکانمان ژمارەیان رووی لەزیادبوون کردوەو رۆژانەش ئەو ژمارەیە لەزیادبووندایە، تائێرە تارادەیەك کێشەکە ئاساییە، بەڵام ئەوەی کە نائاساییە ئایا چەندی ئەو بەرهەمانە لەلای گوێگر بۆ دورودرێژترین کات دەمێنێتەوە، بەبڕوای من یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە دەکرێت بەخۆشحاڵییەوە باسی لێوەبکەین‌و هەست بەزۆرینەی وشەی تێکست‌و جۆری ئەداکەی بکەین هونەرمەند (شێرکۆ تاڵیب)ە.

شێرکۆ لەگەڵ ئەوەی سەرجەمی بەرهەمەکانی لەدووتوێی سیدییەکدا کۆکردۆتەوە بەناوی (شیوەنی فیرقەت)و ئیتر بۆ ماوەیەك بەدوورکەوتۆتەوە تاکو بەکارێکی نوێترو سەرکەوتووترەوە بێتەوە نێو گۆڕەپانەکەو بۆ ئەوەی بەهەمان شێوەوە ئەو بەرهەمەشی هاوشێوەی بەرهەمی یەکەمی بێت، بۆخۆم پیرۆزبایی لەهونەرمەند (شێرکۆ تالیب) دەکەم بۆ ئەو سەرکەوتنەی و هیوادارم ئەو سیدییە نوێیەی کە بۆ ماوەیەکە سەرقاڵێتی بەمزوانە، بەگوێمان ئاشنابێت و ئەم بەرهەمەش بچێتە ئەو ریزبەندییەوە کە شانازییەکەن بۆ هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی، من لەو بڕوایەدام هەر هونەرمەندێك بەعشقەوە کار بۆ هونەرەکەی بکات بێگومان سەرکەوتوو دەبێت، هەربۆیە شێرکۆ توانیوویێتی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت چونکە عاشقانە گۆرانی دەڵێت.




هونەرمەند شێرکۆ تاڵیب